# فڕین

لەوەتەی هەم
بۆ جریوەی چۆلەکەکان
بەیانیان..
پەپولەی هەستی بە ئاگام
بۆ سەر درەخت..
گوێسەبانەکانی گەڕەك، هەڵدەفڕن،
دەنگی هەموان دەناسمەوە
لەو ئاوازانە بێزارم
لەوەتەی هەم ..
ڕەوی باڵندە دەبینم،
سەرە رمێکی تیژڕەون
وان بە ئاسمانی سەرمەوە..
ئەوە: گەورەی هەمیانە..
ئەوە: بوکە ..
ئەوەش: زاوا، پێشەنگیانە..
گەرمیان کوێستان ..
کوێستان گەرمیان،
من لەو کۆچانە بێزارم.
لەوەتەی هەم
خۆم و گەڕەک و شارەکەم
بوینە شایەر و پیاهەڵدەر..
بۆ خۆشەویستی گشت دلێ
کەچی کاتێ..!
باڵەکانم پەڕ دەردەکەن،
قەدەغەیە فڕینی من،
لە ئاسمانی سەر بێواری،
دڵی خۆما،
پوکاوڵەکانی یاوەرم
دەبنە کۆسپ لەسەر ڕێما.